


# بژێویی فەرمانبەران باشتر دەکەین





وەرزش
یەکشەممە 2009/6/28
ژمارە 237

## لەسەر 5 ملیۆن یورۆ ڕیال و بایرن ڕێکنەکەوتن



ڕۆژنامەی بێڵد هەواڵێکی AS ی گواستۆتەوە کە گوایە یانەی ڕیال مەدرید و بایرن میونیخ زۆر لەیەکتری نزیک بوونەتەوە سەبارەت بە چوونی فرانک ریبێری یاریزانی بایرن بۆ ڕیزی یانەی ریال مەدرید.

بەپێی ئەو هەواڵەش جیاوازیی یانەی پاشایەتی و پاڤاری لەسەر ئەو یاریزانە تەنها 5 ملیۆن یورۆیە، بیریز بڕی 55 ملیۆن یورۆی داوە کەچی یانەی بایرن داوای 60 ملیۆن یورۆ دەکات.

## مۆرینهۆ ژنەکەی تەڵاق نەداوە

ڕۆژنامەی کۆریرۆدی مانهای پورتوگالی بڵاویکردەوە کە مۆرینهۆی ڕاهێنەری ماتیلدای خێزانی لە یەکتری جیابوونەتەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا دایکی مۆرینهۆ ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە و ڕایگەیاند کە ئێستا مۆرینهۆ لەگەڵ ماتلیدای خێزانی لە مۆڵەتدانەو ئێستا لە گەشت و گوزاردان. جێی باسە مۆرینهۆ و ماتلیدا ماوەی 20 ساڵە بەیەکەوە ژیان بەسەر دەبەن و بەپێی گوتەی دایکی مۆرینهۆش، پەیوەندییەکی خۆشەویستیی بەتین لە نێوانیاندا هەیە.

## ڤالانسیا نایەوێ دەستبەرداری ڤیا بێت



داڤید ڤیای هێرشبەری یانەی ڤالانسیای ئیسپانیا دیارترین ئەو یاریزانەیە کە یانە گەورەکان هەریەک لەلایەن خۆیەوە لە هەوڵی ڕاوکردنیەتی، دواترین هەواڵی ئەو یاریزانەش هەروەک ڕاپۆرتە وەرزشییەکانی ئیسپانیا ئاماژەی بۆ دەکەن کە خۆزێ لویس ئاماگرۆی بەڕێوەبەری کاروبارەکانی داڤیدڤیای هێرشبەر داوایەکی بەبڕی 42 ملیۆن یورۆی لەلایەن یانەی بەرشلۆنەوە پێگەیشتووە، بەڵام مانوێل لۆرینتی سەرۆکی یانەی ڤالانسیا ئەوەی ڕەتکردۆتەوە و ڕایگەیاندووە کە ئەو سوورە لەسەر ئەوەی ئەو یاریزانە نەفرۆشێت.

## میکرۆسکۆب



عیماد قادر

*لەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو گوێبیست بووین کە گوایە سکرتێری لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان بێئاگایی خۆی بەیان و ئاشکراکردووە لەمەڕ دانانی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی لەگەڵ شاندی ڕاگەیاندنی نێردراو لەپاڵ هەڵبژاردەی کوردستان بۆ تۆپی پێ بۆ وڵاتی ئیتاڵیا، ئەدی هەبوونی ئەم لیژنەیە بۆ چییە؟

* کاتێ ڕەخنە لە یەکێک دەگیرێ لە هەر بابەتێک بێت، هەیە چاوی دەچێتە پشتی سەری و زۆر دڵتەنگ دەبێت و زۆر بە ناشیرینی و نابابەتیانە وەڵامت دەداتەوە و دەست بە قسەی هەڵەق و بەلەق و جوێندان دەکات، دەیسەلمێنێ کە ڕەخنەگرتنەکە تەواوە و لەجێی خۆیەتی، هەشە ئەوەندە بەڕێکوپێکی و سینگفراوانی ڕەخنەکە وەردەگرێت و زۆر بابەتیانە وەڵامت دەداتەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم جۆرە مرۆڤانە مرۆڤی ڕاستگۆ و تێگەیشتی و هەست ناسک و وەرزشوانی ڕاستەقینەن، هەر جۆری دووەم براوەیە و سەرکەوتووە.

* وەفدی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بۆ وڵاتی ئیتاڵیا ژمارەی ئیدارییەکان لە یاریزانەکان زیاتر بوو، هەلێکی باشە بۆ گەشت و گوزارکردن و ڕابواردن لەسەر خەرجیی حکومەت.

* وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دوو ساڵە چی دەکات لە ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکان بە تیابەت کە ساڵانە بەڕێوەدەچێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردەی پەروەردەکان بۆ تۆپی پێ و یارییەکانی دیکە، ئەم پاڵەوانێتییە وەکو بەرنامە ساڵانە بەڕێوەدەچێت و بودجەی بۆ تەرخانکراوە.